# گوڵی وڵاتی بەفر

**ناوی کتێب: شێعر (گوڵی وڵاتی بەفر)**

**نووسینی: سوهەیلا قادری**

**تایپ: نووسەر**

**بەرگ: سمکۆ ئەمین سەردەشتی**

**پێداچوونەوەی: سەرهەد عبدالله رزاق**

**سەرپەرشتیاری هونەری: شێخ تالیب**

**پێشکەشە بە:**

**خوشکەزای زۆر خۆشەویستم و گوڵی دڵم ڕۆژین شەریعەتی و کچی زۆر خۆشەویستم و تاقانەکەم نەمام خوسرەوی، نەمامی باغی ژینم.**

# وتەیەک

بەدڵی من شێوازی موکریان هێند ناسک و پڕلەرە و ئاوازە گوتەی ئاسایشی پێ بڵێی هەر دڵکەش و سەرنج ڕاکێشە چونکە ڕەسەنایەتیی زمان و گوتار و ئایدومی تێدا بەدی دەکرێ جا چ جای شێعری پڕ هەست و نەست ناسک و لەبار. خۆ ئەگەر ئەم شێعر و مانایەی لێوانلێو لە سۆز و دەربڕینی قووڵی دەروونی ژنە کوردێکیش بێ لەوەش زیاتر بەم تام و چێژە هەستبزوێنەرە دەبێ کە ژنە کوردێکی ئاوارەی پێشمەرگە سەد پڕنەهامەتی کوردان بێت.

ژنە کورد لە فۆلکلۆرەوە هاوبەش لە ئەدەبی نەتەوەکەی تایبەتمەندیش لەبەیت و بالۆرە و لاواندنەوە و سەردولکە هەستیارن، لە شێعری کوردییش چەند مەستوورە خانمی ئەڕدەڵانی دیارن لە کۆیەش فریشتە شێعر فریشتەیە.

سوهەیلا خان خانمێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی یا موکریانی کە لەگەڵ ژان و ئازاری نەتەوەکەیدا ژیاوە بەشداریی خەباتی سەختیشی کردووە دوورەوڵاتی لە کەس و کارهەڵبڕاو و دابڕاو لەگەڵ حەزی خنکاوی هەموو ژنە کوردێک کە ئاوێتە دەبێ بە دەردی نەتەوە مەزڵوومەکەی دێ و شێعر دەڵێ و خەمی خۆی و گەلەکەی دەچڕێ.

سەلاح شێخ شەرەف

# دەربارەی ئەم بەرهەمە

ئادەمیزاد هەر لە سەرەتای پەیدا بوون و کرانەوە و فراژۆبوونی هۆش و گۆش و دەرککردن و پەیوەستبوونی  بە دەور و بەرییەوە بۆ هۆگر بوونی شێوازی خۆ گونجاندن و ڕاهاتنی سووڕی بەردەوامیی ژیان و ناچاریی دابینکردنی جۆری پێداویستییەکانی گوزەران و خۆبەڕێوەبردن و خۆپاراستنی لە ڕووداو و کارەساتە سرووشتییەکان و مەترسییەکانی خوران، فەوتان و لە ناوچوون، بە درێژایی هەزاران ساڵ تا سەردەمی ڕۆژگاری هاوچەرخی ئەمڕۆمان دەبینین "ژن" ڕەگەزی مێینە، باڵەکەی تری ڕەگەزی نێرینە و تای لەنگەری هەرە کاریگەری و ڕۆڵی نموونەیی و بالای بەر چاوی لە سەر جەم چالاکی بوارە جیا جیای قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی ڕەوتی ژیانی کۆمەلایەتی یەک بینە و بەر دەوام بینیوە و دەبینێ!

ژن... کە لەتەکەی تری نێوکی (ناوکی) کرۆکی جەستەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی و ترووسکایی شەوگاری چاخە دژوارەکانی ڕابردوو و مەشغەڵ و چراوگی ئێستە و ئایندەیە، کە لە دەراوی کانزای زیندەگی باسەفای، لە چەمی خوڕەمی مێهر و کانگای وەفای ئیشق و ئەوین و خوودی خاکییانە و ناخی بلوورین و گەوهەری ویژدان و ئاکار و نەرم و نیان هەوێنی پێکهاتەی خۆی گرتۆتەوە، لە هیچ بوونەوەرێکی تر ناچێ، ئینجا دەشبینین هەر لە ڕۆژگارانی مێژی لە مێژینەوە، لە ئاکامی بیرۆکەی سەرهەڵدانی "پیاوسالاری" و فاکتەرە هەمەجۆرەکانی تەماحی جینگەنەیی گورگی دوو پێ، یەکسانی نێوان ژن و پیاوی کرد بە دوو هێڵی هاوتەریبی دوو ریان، کە لە هیچ شوێنێ وێکتری نەگەن، بۆیە هەر لە وێشڕا، ژن، کە هەستی بە نابەرابەریی و نا

یەکسانی لە ئاست مافە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتووری و... و... کرد بەرامبەر پیاو و پێشێلکارییە نایاساییی و پشت گوێ خستن و پەراوێز کردن و ستەمی بەردەوام و کاردانەوەکانیان، ئا ئەوانە بوون بە ئاکامی بەرەنگاربوونەوە و سەرهەڵدانی بیرۆکەی خۆ ڕێکخستن و هەوڵ و کۆشش کردن بۆ نواندنی ئەو چالاکییانەی دەبنە ئاراستە بۆ ڕاڕەوی خەبات و مافی وەدەنگهاتن و هەموو ئەو چەمکانەی جۆری لە سەرخۆ کردنەوەی یاسایی دەئافرێنن!

ژن... ئەو موعجیزە خەڵاتە یەزدانییەی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەدوای ناسنامەی خۆیدا دەگەڕێ و لە مەڕ هێنانەدی و وەدەستهێنانی مافی یەکسانی لە کۆمەڵگای عیلمانیدا خەباتی بەردەوامە.

ژن .. پێگەی ژن لە پێچکەی پەیژەی کۆمەڵایەتی و کلتووری کورددا سەنگ و بەهای تایبەتی خۆی هەبووە و هەیە و لە میانی بەشداریکردن و هاوئاهەنگی چالاکیەکانی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و کلتوورییەوە بە گوێرەی زەمینەی لە بار و بوارپێدانی سەردەم و قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزاد، هەرگیز نکۆڵی لە بەری رەنج و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ناکرێ، تا دەگاتە ئەوەی لە قۆناغەکانی خەباتی گەل بۆ رزگاری و تێکۆشان لە پێناو وەدیهێنانی مافە رەواکانی و گەیشتن بە ئامانجی چارەنووسساز، ژن لەگەڵ پیاو وەکو یەک پیشەنگ و سەرقافڵەی رەوتی ئەوخەباتە درێژخایەنە بووە و لە هەموو روویەکەوە لاپەڕە تۆمارکراوەکانی مێژوو گەواهی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنن، بە لەبەرچاونەگرتنی هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەر سەردەم و قۆناغێکی دەسەڵاتێکی پیاوسالاری پێدا تێپەڕیبێ، کە هەمیشە یەکەم بیرۆکەی چەوساندنەوەی تێدا زابێتەوە، چەوسانەوەی چینایەتی ژن بووە و هەمیشەش لە ژێر کۆنترۆڵی پیاواندا لە پاشکۆیەتی ڕزگاری نەبووە!

ئاوڕدانەوەیێکی خێرا بۆ ڕابردووی مێژووی نەتەوەی کورد بدەینەوە دەبینین ،هەر لە ڕۆژگارانی کەوناراوە ڕۆڵی شۆڕەژن و شێرەژنانی کورد لە زۆربەی شۆڕشە ڕزگاریخوازییە یەک لە دوای یەکەکانی پارچەکانی کوردستان

ئەوەندە دیار و بەرچاو بووە، کە وەک دروشم و تاجی سەروەری دەنێو مێژووی نەتەوەیی کورددا هەمیشە دیار و درەوشاوە و بە نەمری ماوەتەوە و دەمێنیتەوە. کاروانی خەباتیشمان تائەمڕۆ لە بوارەکانی کۆمەلایەتیدا بەردەوامە و نموونەی ڕۆڵی کەموێنە و کاریگەریان، رۆڵی گرینگی ژنانی کورد لە هەریەک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بە هەل و مەرجی قۆناغ و ڕێڕەوی ڕەوتی خەباتیان، ڕۆڵی گرینگ و کاریگەری ژن شان بە شانی پیاو لە سەرجەم بوارەکانی کۆمەڵایەتی یەکڕێز و یەکبیر و باوەڕ هاوچارەنووس، خەباتی بێوچانی ئازادیخوازانەی درێژخایەن و بەردەوامی، تا شۆڕشی خوێناوی و نەبڕاوەی بێ پسانەوەی کرد بە درووشم و شوناسێک، وەک ئەرکی نەتەوەیی سەرجەم چین و توێژەکانی لە بەشداریکردنی ئا، ئەوخەباتە درێژخایەنە!! یەکێ لە فاکتەرە هەرە بنچینەییەکانی بەردەوامبوونی بڵێسە و مەشخەڵی گڕداری ئەو شۆڕشە، ڕۆڵی کارای ژنە، کە لە سەنگەرەکانی خەباتدا لە شاڵاو و بەرەنگار بوونەوە و خۆبەختکردندا وەک ئاڵا شەکاوەتەوە و، بۆتە سومبول و چراوگی ئاسۆی دوێنێ و ئیمڕۆ و ئایندەمان.

خاتوو سوهەیلا قادری یەکێکە لەو شێرەژنانەی کورد بێجگە لەو ئەرکە پیرۆزە نەتەوەییەی وەک پێشمەرگەیەک گیانفیدای خاک و لەپێناوی ئازادیدا ژیان و چارەنووسی بە کورد بەخشیوە،هەمانکات لەگەڵ رەوتی خەبات و کاروانی تێکۆشەراندا چەکێکی تری کاریگەری بیروخامەی لەم مەیدان و گۆڕەپانەدا خستۆتە کار و... شەهێنە و لە تۆقەڵەی لووتکە شاخی باوەڕ چریکەی دێ، شێرەژنە و لە لانی وەدەرکەوتووە و گەڕیدە و عەوداڵە، بازی شوون هەڵگری، قاتیل وخەنجەری جگەری لە خوێندا شەلاڵە! جارجاریش هۆنراوە بۆ هێلانە وێرانەکەی بە کوڵ دەگری و گەرووی بەستەی، بەسۆزەوە کە هەڵدێنێ، ڕەزی ژانی دە نێو ناڵە و خرۆشی پڕلە تاسە و تەزووی دەنوێنێ، هەراوی ناخی، گڕی دەروونی، شۆڕشی بورکانی پڕ داخی، بەسروە و شەماڵ دەسپێرێ، بەشنەی کازیوە و کزەبای خۆرەتاوی ئێوارەوە، یاڵە و یاڵ بیبەن بۆ ئەو شاخ و بنارەوە، فەریادی حەسرەت و ئاهی، هەرچی هەیە، بیدەن بە گوێی

دار و بەردی ئەو بنار و دەشتە، بیدەن بەگوێی یارانی ڕێگای خەباتی، کە ڕۆژگاریان وەک خۆی تاڵ بوو لەو بەهەشتە..

بیدەن بە گوێی ڕێبوارانێ، خۆزگە و ئاوات، خەون و مرازی تێکەڵ کەن دەگەڵ حەیران، دەنێو لاوک و سەرگوزەشتە!!

خاتو سوهەیلا سێڵاوی تاسە و تەزووی مچووڕکاوی بۆ دایک و خاک و نیشتمانی لە تابلۆ ڕەنگا و ڕەنگ و دیمەنە هاڕمۆنییەکانی کردۆتە کانزایەک لە مێهر و بەخشندەیی، ئۆقیانووسێک لە سۆز و بەزەیی، ئاسمانێک لە مانگ و تریفە، ئەستێر و ورشە، دارستانێک لە جریوەی شەفەقی ئایندە و باغستانێکیش لە گوڵزاری غونچەی ئۆخخەی بێدارانی عەوداڵ و گەڕیدەی ئیشقی سەرمەدی خەبات و سەرفرازی تێدا دێتە پشکوتن.

ئەگەر سرنجێکی گشتگر لە سەر جەم ئەم دەقە هونەرییانە بدەین دەبینین سوهەیلا خانی شاعیر لە لایەن کێش و سەرواوە بەو ڕادەیەی هێندەی گرینگی بە کێشی مۆسیقای ناوەرۆکی وشە و واتای مەرام و مەبەستی پێکان نەداوە، ئەوەندەی گرینگی بە پەیڕەوی کردنی سەروا و ڕەگەز و ڕێبازەکانی کە توخمی ئەو دەقە بە یەکێک لە ڕەگەزەکانی دەناسرێتەوە، بەڵکوو ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر ڕستەکاندا کوورت یا درێژ هاتوون مەبەست پانتایی ڕووپێوی بواری دەربڕینی بۆ فراوانتر بێ و کە شاعیر مەبەستی مانای ناوەرۆکی پتر لە بەر چاو بێ، ئەوەندە ڕەچاوی چەمکەکانی کێش و سەروا ناکا، دەقەکانیشی ناچنە دۆخی پەخشانەوە، بەڵکوو خەسڵەت و تایبەتمەندیی شێعری خۆی لە دەست نادات و سیما و ڕوخساری هونەریانەی خۆیان و کاریگەرییەتیان لە سەر هەست و ناخی خوێنەرانی هەر بە جێدێڵی!

بەر لە کۆتایی، سەرجەم دیمەنی تابلۆ ڕەنگا و ڕەنگ و هاڕمۆنییەکانی کە لە سەردەم و قۆناغی جیاجیادا لە ژێر کاریگەریەتی و بەهرە و ئەزموونی ناخی شاعیردا کێشراون و هەر یەکەی گوزارشت لەو چەمکانەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ئایینی، فەرهەنگی و کولتووری کۆمەڵگای کورد و بار ودۆخی مێژوویی سەردەمانی خەبات و بەرەنگار بوونەوەی ڕۆژگارە

کارەساتاوییەکان دەنوێنن، شاعیر لە وێنا کردن و گوزارە و نەخش ونیگاریان هونەرێکی دیاری بە خوێنەر پێشکەش کردووە، کە کاردانەوەی ئاکامەکانی ژیان و دەرد و مەینەتیەکانی مرۆڤ و واقیعی کۆمەڵگای خۆی تێدا دەبینێت.

لە کۆتاییدا دەمهەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕاکێشم، چوونە بەردەم هەر کارێکی ئەدەبی بە نیازی لێکۆڵینەوە و نرخاندنی ئەو دەقە، مەرج نییە ڕەخنەگر دەمی هەڵسەنگاندنی دەقەکان سەرجەم ڕێ و شوێنی لقە زانستییە بێ ئەژمار و چەمکەکانی تری ئەرکی پێوانەسازی بگرێتە بەر، چونکە پێشەکی نووسین مەرجی پاڵاوتەی کروکی مەرامی کورت و پوختی پێویستە.

ئەکرەم خامۆش

کۆیە : 1 ،10 ، 2012

# چەند قسەیەک

کاتێک هاوڕێی بەوەجم کاک مەنسووری خوسرەوی نامیلکەی شێعر و پەخشانەکانی هاوسەری شەهیدی، خاتو سوهەیلای قادریی بۆ هێنام تا پێیدا بچمەوە بەدڵمدا هات کورتە هەڵسەنگاندنێک بۆ شێعرەکانی بکەم .بەڵام کە دەستم بەخوێندنەوە کرد و لە خوێندنەوەی پێشەکییەکەی مامۆستای ئەدیب و شاعیر دوکتۆر ئەکرەم خامۆش بوومەوە، تێگەیشتم هەرچی بنووسم تۆزی ئەو نووسینەش ناشکێنێ و هەربۆیە وازم لەو فکرە هێنا .تەنیا شت کە لەبارەی کارەکانی شەهید سوهەیلاوە سەرنجی ڕاکێشام و دەمەوێ باسی بکەم ئەوەیە کە دوا بەیتەکانی شێعری" ڕەنگاڵەتر لە خەونەکانم "هەر دەڵێی نامەی ماڵئاواییە و بۆ هاوسەری بەوەفای خۆی، مەنسووری خوسرەویی نووسیوە بەڵام لەسەر سوهەیلا خۆی هەروەک بۆخۆی نووسیویە، گەورەبوون لە نێو بنەماڵە پێشمەرگەیەکدا دەگەڵ هەموو شانازییەکانی ئەوەشی تێدایە کە زۆرجار منداڵ دەرفەتی خوێندن و خۆپێگەیاندن لەدەست دەدا. هەر بۆیە سوهەیلا تەنیا لە سایەی هەوڵ و تێکۆشان و شێلگیریی خۆیدا توانی هەتا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم بچێتە پێش، بەڵام شاییبەخۆیی و چاونەترسی و هەوڵی بێوچان وای کرد سوهەیلا لە زۆر بواردا پێبگات و جێدەست لە خۆی بەجێ بێڵێ. ئەو بوو بە بێژەرێکی سەرکەوتوو، نموونە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، مودیرێکی بەکیفایەت و تەنانەت پەلی بۆ شێعر و چیرۆک و نووسینی سیاسی و ئەدەبییش هاویشت.

دەکرێ بڵێین سوهەیلا نەیدەویست لە هیچ بارێکەوە لە هاوڕێ و هاودەورە و هاوتەمەنەکانی دوا کەوێ و حەزی دەکرد لە هەموو بوارەکاندا تواناکانی خۆی تاقی بکاتەوە و لە بەشی هەرە زۆری ئەزموونەکانی ژیانیشی ڕووسوور

هاته دەر. دەتوانم بڵێم سوهەیلا بەوە ڕازی نەبوو تەنانەت لە شانازیی شەهیدبوونیش بێبەش بێ، بۆیە لە ئەنجامی هیچ ئەرک و بەرپرسایەتییەک نەدەپرینگایەوە، هەتا سەرەنجام گیانی لەسەر ئامانجی دانا و چووە ڕیزی سەروەرانەوە. ڕوحی شاد بێ

دێمە سەر باسی مەنسوور. ئەویش منداڵ بوو کە تێکەڵ بە کاروانی خەبات بوو، ماندوویینەناسی و ئۆگری بە کار و خۆپێگەیاندن لە مەنسووری خوسرەوییش تێکۆشەرێکی بەتوانا و کادرێکی بەوەجی دروست کرد. حەز دەکەم ئەو ڕاستییە باس بکەم کە پێش شەهیدبوونی سوهەیلاش ڕێزم بۆ هەوڵ و ماندووبوونی مەنسوور دادەنا و خۆشم دەویست. بەڵام بە مەرگی پێشوەخت و دڵتەزێنی سوهەیلا، مەنسوور لەلای من گەورەتر و خۆشەویستتر بوو، چونکە بەڕاستی لەو ڕووداوەدا زۆر باش درەوشا. ئاخر هەر ئەو دەزانێ لە دەستچوونی هاوسەر و هاوڕێ و هاودەم و هاوخەمی ژیانی چکۆستێکی گەورە و چ زامێکی بەئازارە. بەوحاڵە مەنسوور هەر لەوکاتەدا کە دەریایەک بوو لە وەفا بەرامبەر بە سوهەیلا، کێوێک بوو لە ورە و ئیمان و باوەڕ بە درێژەدانی ڕێبازی ئازیزی لەدەستچووی و هەموو هاوڕێ شەهیدەکانی. شادی بۆ ڕووحی سوهەیلای شەهید و بەختیاری و سەرکەوتن بۆ مەنسووری ئازیز سەد بریا مەرگ ئەوەندە مۆڵەتی دابایە تا سوهەیلا ئەم بەرهەمەی بەدەستی خوێنەران و بەتایبەتی هاوڕێکانیەوە ببینێ. بەڵام بەداخەوە" داری بریایان بۆ کەس بەری نەداوە

عبداللە حسنزادە

٢٦ی بەفرانباری ٩٧– ١٦ی ژانویەی ٢٠١٩

# کورتەیەک لە ژیانی خۆم

سالی 1351 (1972 زایینی) لە شاری پیرانشار (خانێ) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنەماڵەیەکی مامناوەندی لە دایک بوم. قۆناخی خوێندنم سەرەتا و تا پۆلی دووهەمی سەرەتاییم لە خانێ دەست پێکرد. تەمەنم حەوت سال بوو کە بە هۆی ئەوە ی کە بنەماڵەکەمان حیزبی بوون واتا باوکم و دوو خوشکم کە پەیوەندیان بە حیزبەوە هەبوو لە شار هاتینە دەرێ لە کۆمیتەی شارستانی پیرانشار نیشتەجێ بوین کە لە گوندی کەوپەڕ بو. ئەوان تێکەڵ بە ڕیزی خەباتگێڕانی ڕێگای ڕزگاری بوون کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجی بەرهەقی نەتەوە زوڵم لێکراوەکەمان خەباتێکی ڕەوایان دەست پێکردبو.

من لە مەکتەبی خەباتدا جیا لە خوێندن وانەی شۆڕشگێری و فیداکاریش فێر دەبووم. هەر بۆیە تا پۆلی چواری ئامادەیی (ئەوەڵی دەبیرستان) لە مەدرەسەکانی شۆڕش کە لە لایەن مامۆستا پێشمەرگەکانەوە دەرسمان پێ دەگوترا خوێندم. دوای 16 سال دابران لە خوێندن توانیم مەدرەکی شەشی ئامادەیی (دیپلۆم) وەدەست بێنم. ڕاستە ئەو چەند ساڵ دابرانە لە خوێندنی وەدوا خستم بەڵام ئەو بنەماڵە شۆڕشگێرە کە من تێیدا گەورە بووم زۆر دەرسی فێری من کرد کە ڕەنگە لە خوێندنگا هەر نەخوێندرێ کە ئەویش دەرسی فیداکاری و گیان بەختکردن بوو بۆ نەتەوە و وڵاتەکەم.

هەر بۆیە توانیم جیا لەوە کە لە خۆپێگەیاندن ڕانەوەستم هەوڵ بدەم لە خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەم گۆشەیەک بگرم، کە ئەویش ڕاستەوخۆ بووم بە پێشمەرگە و چەکی شەڕەفم کردە شان و تێکەڵ بە ڕیزی خەباتکاران بووم.

لە تەمەنی 14ساڵیدا بووم شێعرم دەنووسی. هەر چەند هەرزەکار بووم بەڵام نووسینەکانم زۆرتر لە حاڵ و هەوای شۆڕشدا بون.

له ساڵی1370ی هەتاوی (1991)ی‌ز لەگەڵ یەکێک لە هاوسەنگەرانم کە لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوو ژیانی هاوبەشم پێک هێناوە و بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشەش دوو گوڵەجەرگەی چاوگەشن بە ناوەکانی نەمام و ئارام کە پێم خۆشە هەر لێرەدا هەموو ژیان و بەرهەمەکانم پێشکەش بە ئەم خۆشەویستانەم بکەم و پێیان بڵێم هەموو کات خۆشم دەوێن و سپاسی خوا و شانازیتان پێوە دەکەم.

سپاسی خوێنەرانی بەڕێزی شێعرەکانم دەکەم و داوایان لێ دەکەم لە خوێندنەوەی شێعرەکانمدا بە چاوی خۆشەویستیەوە بڕواننە وشەکانم، بەو هۆیەوە کە ئەوانە بەرهەمی ژیانی کچێکی ڕەنجدیتوو و پڕ ئازارە کە بە پێی پێویست چێژی لە منداڵی، مێرمنداڵی، گەنجی و... هەموو قۆناغەکانی ژیان نەدیتوە. بەو هۆیە کە لە بنەماڵەیەکدا ژیاوە کە زوڵم و زۆری سەر نەتەوەکەی بە ڕەوا نەزانیوە و تێکەڵ بە خەباتێک بووە کە تا مردن شانازی پێوە دەکەم و هەر ڕێبواری ئەو ڕێگا پیرۆزە دەبم. بە هیوای سەرکەوتنی گەلمان.

سۆهەیلا قادری

16|9|2012

# تیشکەکانی تێڕامان

باران و تۆف و ڕەهێڵەن!

خۆدە نا!،

ورە و باوەڕ، چی لە چیا کەمتر نەبوو

دڵ ئاسکێکی سرک و

وردە ماسی چاوەکانم

لە دەریایەکی سەرشێتی ئەفسووناوی دا...

سەر لێ شێواو

ئەو ئێوارە پر لە ڕەنگەی

تێڕامانت،

ماناکانی، حەز و خۆزیا و خەیاڵە ئەستەمەکانی

لە خەونێکی ئەرخەوانیدا و

لە ئێوارەیەکی ئەرخەوانیدا...

بوونە یاد و بیرەوەری

یەکەم جێژوانی پڕ لە حەز

باران و تۆف و ڕەهێڵەن!

خۆدە نا!،

هیواکانم

خۆزیاکانم

چی لە زەمانە ویستبوو کەوا

بێ رەحمانە

رەهەندی کۆچیان نیشان دام

مەسیح ئاسا

لە خاچی دووری و ئازار و جیاییان دام

لەم تۆفانە،

ئاسمان لە ئاست قەدەری ژینی مندا

چاوەکانی توند لێک ناوە و

نایهەوێ تراژیدیای

لە خاچدانی

دڵی عاشقم بەدی کا

باران و تۆف و رەهێڵە بوو!

دەنا ئاسمان!،

چاوی دیتنی هەڵپروکانی گوڵی

دەمەو بەهاری نەدەبوو

هەرنەبوایە،

دڵۆپەیەک لە فرمێسکی

ئەستێرەیەکی دەنارد و

رای دەسپارد،

منیش ئەو ئەستێرە گەشەم

لە خەونێکدا

تێڕامان و بیرەوەریم بۆ دەخولقاند

# گوڵی وڵاتی بەفر

ئەی گوڵی وڵاتی بەفر،

یاقووتی ناو گەردانەی داری گیلاس

گوڵە بێریڤانی رووڵاو لە ناو مەزاری ئاشقان

روونترین ئاوی ناو کارێزی کوردستان

گوڵی بەفر

کەی دێیتەوە باوەشی پڕ لە حەسرەتم

)پێشکەشە بە خوشکەزای خۆشەویستم رۆژین کە ئەوە ١٤هەمین ساڵی دووریمە لێی.

ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی ٢٠١٢یزایینی)

***

# ڕەنگاڵەتر لە خەونەکانم

کاسەی دڵم پڕ لە خوێن و، ...

تک تک خوێنی لە چاوەکانم... دەچۆڕێ

دەستەکانم هێند بێهێز بوون

زەحمەتە جارێکی تر، ... باوەشت گرن

جانتایەکم پڕ لە سەفەر

مەحاڵە ڕێگەی سەفەرم پێ بدرێ

دەڕوانمە پاییزی چاوەکانت

هەراوی خەزان دەکەن و

تریشقەی هەوری چاوانم

ڕێگە لە باران ون دەکەن

مالپەڕی ژین دادەخەن و

ئاوایی ژیان دەڕووخێنن... بۆ ئەوەی کە،

هەرچی بینا و کوشکی سەوزە

لە چارەنووسی داهاتوومی بتارێنن.

هەستم راگرت،

بۆنی هەناسەکانی پاییزیان لێوە دێ،

هەستە تامەزرۆیەکانم

دارە رووتاوەکانی پاییزی

سرنجی شێتت رانا کێشێ و

نابی بە زاوای ئەم بووکە ئالتونیە

ناشێ ئیتر،

شەرابی ناخی ئەو رەزە، بارگرتووە...

نەبێ بە پەیکێ لە عەشق و

تەزووی ژوانی باڵای شووشە

لە ئەتکی دڵ، بکەیتەوە

رەنگاڵەترین رەنگی خەونەکانم

تەنیا لە ناو ئەستێرەیەکی راخوشاو

لە ناو لەپی دەستی دایکمدا...

کە هەر ئیستاش رەنگ و بۆنی

وەک خۆی ماوە،

وا هەست دەکەم

گەرمی دڵم بەبێ بورکان

شەقار بکا جەستەی ماندوو

نیگەرانی ئەو ساتانەم

نەکا پەشیمان ببیەوە، لە دڵڕەقیت

دوای کۆچی من،

بۆ سەفەری یەکجارەکیم

دلگران بی و

بۆ ساتێکیش غەمبار ببی!؟

**ئەی هاوسەفەری ژینی من!**

**من و جانتاکەی پڕ سەفەر**

**ئەبین بە خەونی رەنگاڵە و**

**هەموو شەوێ**

**دێینە خەوت**

**نەکا دڵی ئازیزی تۆ**

**خەفەتبار بێ و، ...**

**بشکی دڵی گەورەی ئەشق**

**ئەو ئەشقەی کە هەرگیز، لە دەروونی وشکی تۆدا، چرۆی نەکرد**

***

# کۆچەری

پەپوولەیەکی پاییزی کۆچەرین، چاوەکانت،

بەدوای یەکەم مەنزڵی زستانیدا دەگەڕێن.

ئەم سنوورانە بشکێنە، کە لە نێوان ئاسمانی تۆ و بارانی چاوەکانم، لەمپەرن.

ڕێژنەیەکی بەهاری بەو، ئاوپڕژێنی دەشتی ئاقاری دڵم کە. کانیاوەکانی بەر بەژنی بووکەڵەیەکین لە بەفرین، بۆیە هێندە زوو توانیەوە و ... چووینەوەناو ناخی تەنیایی.

ئەو تەنیاییەی، بەر پەنجەرەی خوساو لە ئاوی باران و، چاومان بڕیە بیرەوەری نەوبەهاری ئەم ژینە، کە واتاکان هێندە بەرز بوون، قەڵەم بە رویاندا کول و باڵای پەراوی هیچ دەفتەرێک، نەیگرتە خۆ بیر و هزرم.

***

# بارانی کپ

باران کپ، کپ، ...

هێدی، هێدی، بە سەر گۆنای بەهاری سووردا

دەبارێ

مەلەکانی سەربزێوی بەهار

لەم چڵ بۆ و چڵ،

قەڵەمەکان، لەم دێڕ بۆ ئەو دێر دەپەڕنەوە

خامە لە دەستان بڕاوە و ...

جەوهەری بیری شاعیران...

ڕەنگ و بۆنی شێعرێکی تەڕیان نەما بوو

مانگ لە 10 راوەستا و ...

پەردەکانی دڵی ئاسمان و

فرمێسکەکانی چاوی زەریا

بە جارێ کەوتنە خوارەوە

ئەستێرەکان لەودیو شووشەی ڕەشی ئاسمان،

لە زەوی نزیکتر دەبوونەوە

هەردو کۆسار

شاعیری روتیان نەمابوو

دەست بە زولف و کاکۆڵی سەوزیاندابێنێ و

بەهاریان لێ پیرۆز بکات.

خاکەلێوە، ...

لە کورتترین تەمەنیدا

بەهاری زەردەپۆش کرد و

ئەو ئێوارەی

کە زۆر خونچە نەپشکوتبوون

مەرگی بە بەهار نیشان دا و...

مانگی شەنگیش

ساتە هەنگوینییەکانی نەچەشتبوو

هێشتا لە سەرەتای ژیاندا بوو

مەسیح ئاسا

لە داوێنی دایە مریەم

ئەم بەهارە

شۆخ و شەنگە

کپ، کپ کرا

***

# هەناسەسوار

دڵڕەق مەبە

تۆبی و یەزدان

دڵڕەقی تۆ پەستم دەکا و دەمکا بە بایەکی سەرشێت

دڵڕەق مەبە،.

دەستەکانت بۆنی بێگانەیی دەدا و

هەناسەکەت تامی نامۆیی، لێوە دێت

تۆ

لە ناو جەستەمدا تواویتەوە، کەچی هەر لێمەوە دووری

لە ناخمدا ڕۆچووی، تاکوو هەناوی عەشقم تێکەڵ بووی و،

بەڵام... هێشتا هەر لێمەوە دووری

نامۆ مەبە لە تامی هەناسەی سواری عەشقم

ئەمجارەشیان، لێت دەبوورم!

بەڵام هەستە برینداڕەکانم دەورت دەدەن،

دڵیان دەوە،

دڵی شکاو بەند بدەوە،

بە عەشقەوە

هەناسە سوار،!

من جانتایەکم پر لە ئەشق و خۆشەویستی،

بەرەو سەفەریک لە تەمەن، رەوانە بووم

تۆ دەزانی، ... ژیان مانای دوو و، دە ساڵە؟

دەکۆکەوە هەستە بریندارەکانم

سارێژیان کە زامەکانم

تەمەن زۆری تێپەریوە

خۆشەویستە تاقانەکەم

بەرەو ژیان هەنگاو بنێ و

عەشقێکی نوێی، بە بەردا بکەوە

هەناسە سوار،!

جانتا پڕ لە سەفەرەکەی تەمەن

لێورێژ بووە و

تابی دووری تۆ ناهێنێ

تابی بێگانەیی دەستەکانی تۆ ناهێنێ و

بەرگەی تامی نامۆیی هەناسەت ناگرێ

هەناسە سوار!

***

# گەلاوێژ

گەلاوێژم، ئەستێرەیەکم بێوچان

پرشەنگ‌هاوێژ، بۆ رووناکی وڵات

لەویۆە دێم،

لەودیو سنووری دەسکردی ئەم وڵاتە و

زیاتر لە نیو سەدەیە،

هەر بەڕێوەم، هەدا نادەم

لە مەهاباد گوڵی سووری سەر گۆڕی قازیم پێیە و ...

خۆڵی گۆڕی هەژار و هێمنم وەک سوورمە کردۆتە چاو و ...

بەرەو سنەی شەلاڵی خوێنی لاوانم

کرماشانی هەناو پر لە گڕی کوردستانم

سەلماسی بووکی شاران و

دیاربەکری کورد پەروەر و

سلێمانی شاری هەلمەت و قوربانی و

لە قامیشلووی شەلاڵ بە خوێنی نەتەوەم

هەر بەڕێوەم، پشوو نادەم.

گەلاوێژم،

سرود و بەستەی نەبەزین،

هاواری گەرووی هەژاران

بۆ گویی زەمەن دەڵێمەوە

من لەوێوە، هەگبەی پڕ سەفەری شۆرشێکم هەڵگرتوە

لەو دیو سنووری دەسکردی وڵاتەکەم،

بانگی سەربەخۆییم هەڵکرد، بۆ هەژارانی وڵاتم

گەلاوێژ، تۆ بەرزی سەر ئەم زەمینەی

لە ناو دڵی هەژارانت،

ناودارانت

رووناکبیر و بیرمەندانت

زیندووی و هەر زیندوو دەبی

تا ئەو رۆژەی ئاواتی دووری گەلەکەت بەدیی دێنی.

***

# یاغی

پاوانێکە ئەم دڵەی من

نەورەسێکن گوڵە تامەزرۆکانی حەزی من

بۆ باڵگرتن بەرەو زەردەشتی لووتکەی پیرۆزیت

هەدا نادەن بیر و هەستم

ئەی کانیلە چاو لێڵەکەی ئەم ئەوینە

خۆری ونبووت لە ناو تەمی هەوری، نا ئومێدی،

دەربخەوە

ئەم کانیاوە وردیلانە،

کوێر نابنەوە

ئەم سەهۆڵبەندانی ئەشقە

سڕ نابێت و ...

ئەم ئاگردانی ئەوینە

دانامرکێ

تۆی یاغی لە عەشقی من

تۆی ونبوو لە نێو دەریای بێبەزەیی،

تاکەی گورزی تاڵی خەفەت دەوەشێنی و؟

تاکەی دڵە ماندووەکانی کارمامزانی بریندار، دەهەژێنی؟

گوێت لە هاسکەی ئاسکی سەرهەڵگرتوو، نییە!؟

لە گۆڕ بێ دڵی کیۆەکانی نێرینەی ئەم دەڤەرە

دەڤەر، دەڤەر

گەواڵ، گەواڵ

کێو بە کێو و

دەشت بە دەشتی، یاغی بوون دەبڕن!!

تاکو دەستی بە خوێنی نامووسی ئەوان، سووربووتان، نەیانگاتێ!

بالادەستن لە غیرەتی پیاوەتیدا،

بەڵام یاغی و، دوور لە ویژدانی زیندوو.

بۆیە دەڵێم پاوانێکە ئەم دڵەی من،

تاوانبار، لەدایکبوونم،

ئازیەتبارن، خۆزگە و هیوا و تاسەکانم

بەلام هەیهات تا سەر،

بەرگی ئازایەتی ناپۆشن،

خوزگە و هیوا و تاسەکانم.

بۆیە دەڵێم

ئەم سەهۆڵبەندانی ئەشقە

سڕ نابێت و

ئەم ئاگردانی ئەوینە دانامرکێت.

***

# ساحێبی سەبران، گوڵان دەچنێ

ئێوارە بوو، چاوەڕوانی یەکەم ڕەنگی خۆرئاوابوونم دەکرد. بۆ ئەوەی کە لە دەستی ساحێبی سیرانەوە، جوابێکی نامەکەم بۆ بێتەوە و، تێر بۆن بە دێڕەکانیەوە بکەم، چاو بە ڕەنگی خامەکانی دەستی ئازیزمدا بگێڕم، بۆن بە فراژووترین خاڵی خۆشەویستیدا بکەم، ئێوارە بوو، لە گزینگی بەیانییەوە دەرگای دڵم بۆ ساتێکیش دانەخرابوو، هەر بە پێوە، هەستەکانم دەلاواندەوە، سەبرتان بێ، سەبرتان بێ دڵ و دیدە و دەروونی من، سەبرتان بێ، پشووتان درێژ بێ، هاکا، ئێوارە دێ و پۆلی باز و هەڵۆی شاخم لە ئاسمانی چاوەڕوانی دێنە دەرێ، لە چیاکانی نزیکی شارەکەمدا، لەگەڵ یەکەم تریفەی مانگ، دەگەنە جێ و چەپکێکی دیی، لەو گوڵانەی دەستی دڵدارە پێشمەرگەکەم، دەدەنێ.

ئێوارە بوو، چاوی خۆزگەم، لە ئاسۆی دووردا مەییبوو. لە پڕ ڕەنگی سوور و ئاڵی خۆرئاوابوون، لە ژێر پەڕەی گوڵی زامی دڵدارە پێشمەرگەکەم، هەواڵی داخووشانی ئەستێرەی هەڵنەهاتووی ژێر هەوری چاوەڕوانی پێ دام. کەچی هەروا بێ سەبرانە چاوەڕێتم.! ئەی تۆ نەتکوت، بەدەیان جار بە گوێت دانە چرپاندم، سەبر بگرە ئازیزەکەم ساحێبی سەبران گوڵان دەچنێ!؟

ئازیزه گیان، نووری دڵان، سەبری من، لە نیشتمانی پرلەزام، چەپکێک گوڵی زامی چنی و لە بەرۆکی ئەو ئێوارە چاوەڕوانیەمی دا، کە بێ سەبرانە چاوەڕێی بوون، گوڵیان تێدا بچنم.

***

## ئەنفال

گول بە سیمای روحی تتۆوە هەڵپڕووکا

کانیاو لەبەر قەدی شاخت خنکا

دە، دەرکەوە،

گوڵی دەمەو بەهاری خنکاو... لە بۆنی مێخەکی خنکاوی، باخەڵی ژنی ئەنفال

ئەم بەهارە

قەنەفلەکان روویان نەبوو سەر بێننە دەر،... ئاخر...

ئاخر، ئەوان لە تۆوی مێخەکبەندی کچانی ئەنفالم رووابوون

ئەنفال، وشەی پڕ لە مەرگی ئاسمانی بۆ نەتەوەم،

تۆو پەڕی ئەو قورئانەی کە لێی نووسرای،

کەی تۆ کوردت ناسیوە و...

وا بووی بە مۆتەکەی پڕ لە گڕی مردن؟

کیژەکەی چاوەڕێی جێژوان،

گەنجە قۆزەکەی ئاوایی،

جووتیار و پاڵەی دێهاتم،

ئەدی کۆڕپەکەی ناولانک،!

ئەو کۆرپەڵەی هێشتا لە ناو منداڵدانی دایکیدا بوو، و

نەیدەزانی بۆنی خاک چییە و هەوای بێگەردی وڵاتی هەڵنەمژیبوو!؟

هەر ئەوانە و، هەر هەمووان

تاوانیان چی بوو ؟

وا بە زیندوویی گۆڕت کردن ؟

دار چوالەکانی دۆڵی جافەتی و... گەرمیان و

کوێستانەکانی بارزانم

شاهیدن بۆ ئەوەی ریسوات بکەن،

کوردقڕکردنت لەقاو بدەن.

ئەنفال، ئەی وشەی ئیلاهی

ئەو کیژۆڵە چاوبەڵەکانەی ئەو کاتم...،!

کە تۆ وەک ئەژدهای دەمبەخوێنسوور، قوتت دان،

چییان بە سەرهات؟! چیت لێکردن؟!

چەند پوول و پارەیان

لە شا و مەلیک و شێخەکانی سعودیە و سووریە و لوبنان و، ...

زۆر شوێنی دیی عەرەب زمان،

بۆ پەیدا کردی! بە فرۆشتنی لەشی ناسکیان، لە لایەن تۆی بەدکار، بەوان؟!

دڵ بریندارە مێژووی من

خەفەتبارن لاپەڕەکانی ژینی نەتەوەم

ئازیەتبارن رابردوومان

دار و سەوزە، کانی و چیا، هەر چاوەڕێیانن بێنەوە،

ئەو کەسانەی خۆشمان دەوێن،

ئەو کەسانەی بە ناحەق زێدیان بەجێ هێشت!.

بەچی دڵی وڵاتی من سارێژ دەبێ،

بەچی!؟

واتا ئێستاش ئەنفال سەرپۆش کراوە و بێ مانا ناوی دەبرێ

# من پێشمەرگەم

گەردەن کەشم وەکوو چیا

بەورئاسا هەڵمەت دەبەم، بۆ نەیارانی وڵاتم

من ئەو بەورەم

ناو رەوەزی کوردستانە بێشەڵانم

من پێشمەرگەم رۆڵەی گیانبازی نیشتمانم

تاکو رووبار بەڕێوە بێ

تا چرۆی داری ئازادی نەکەم بە گوڵ

هەدا نادەم بۆ ساتێکیش لە خەبات و تێکۆشانم

من ئەو رۆڵەی سەرماوەزەم

لە ناو بەفر و، تەزووی ساردی سەرماوەزدا

ناوکم بڕا

برام شێری پێشەڵان بوو

خۆشکم تەواری بەرزەفڕ

دایکمان دایکی نیشتمان بوو، ...

بۆیە هێندە روونە ڕێگام،

ڕەوا و بەرزە ئامانجم،

بەرحەق وەک راستی ڕەوتی رووبار،

ئارمانم،

من ئەو رۆڵە چەکلەدەستەم

بۆ دیفاع لە مان و بوونی نەتەوەکەم

لە هیچ کۆسپێ سڵ ناکەم و

بە هیچ بایەک، گڕی بڵێسەی خەباتم، دانامرکێ.

پێشەڵانم ناو جەرگی ڕەوەزی بەرد و

مەتەرێزم، مەتەرێزی شەرەف و کوردایە تی

خوێنم رووبارێکە بۆ شکاندنی تینویەتی رەگی دارگوێزی پیرە ساڵم

تاکو چیا بە پێوە بێ،

تاکو ئەستێرە بە تاقی ئاسمانەوە مابێ،

تاکو ڕەوتی رووباری بەخوێنسووری وڵاتم بەڕێوەبێ،

تاکو خوێن لە جەستەی کوردێ مابێ،

کاروانی خەباتمان درێژە و کۆتا نابێ،

تا نەگەینە لووتکەی سەربەستی

***

# ڕابە

کاتی هاتووە ژنی کوردی، ئاڵقەی دیلێتی بشکێنە

وەرە مەیدان بە ورەی بەرز، بە بیری تیژ،

چاوی نوقاوی چارەنووس بپشکوێنە

هەستە ڕابە وادەی پەراوێزیی تۆ بەسەر چوو

وەرە و شۆڕش بە ورەی خۆت بڕەنگێنە

ئەرێنییە هەنگاوی تۆ

واز لە مەنگی مێشک بێنە

وەک وزەی "با" بەر بە گەنینی زەریا بگرە

گۆڕینی ئەمری واقیعە، ژن ئیرادەی، وەکو نێرە

بۆ شۆڕش و لە خەباتدا،

چوست و ئازا و هەردەم ژیرە

نەماوە باوی دیلێتی

وەرە مەیدان، لەو دوژمنەی مافت دەخوا، سێرە بگرە

شایانی تۆن بیروباوەر، چەکی شان و خەباتکاری

شابالی مەلی ئەم ژینە و، دایکی شابالەکەی تری

شانازییە بۆ شۆڕشێ کە تۆ خەباتکاری ڕێی بی
سەربەرزییە بۆ خەباتێ کە تۆ رێڕەوی بە جەرگ بی
وادەی خەنەبەندانی سەربەستییە هاورێ،
وەرە و لەم ڕێگەیەی گرتوومانە سەر و گیان فیدا کەین

***

## ئازیزانم

هەست و دڵ و بیرەوەرییەکانم
هەمیشە بۆتان دەڕوانن
ئێوە مایەی خۆشی ژیانن
ئاوێنەی باڵانوێنی شادین، بۆ دڵی من
یادتان دەکەم "دایە و بابە" بە دڵ و بە گیان

***

# ڕووناهیی شەوستانی تەنیاییم

ئەو، ... لە ناو شاباڵی هەورێکی سپی، ئەم بیرەمدا،

دواندمی،

ئەو، لێی پرسیم:

تو دەزانی مانای خۆشەویستی چییە؟

وتم گیانە لێم ببوورە، کە من ئاوا بە پیرۆزی

باس لە خۆشەویستی دەکەم.،

هەموو کاتێ تۆ لە ئەفسانەدای

پێم وت: تۆ هەمیشە لێوبەباری و

تامی شیرینی خۆشەویستی

لەباری لێوی بارگرتووتدا، دەچێژی

پێم وت گیانە، هەرگیز لە ئەشقدا خەوتن نیە

نەکا ئیتر بە ئاگا نەیەیتەوە!

نەکا ئیتر دەست لەم دونیایە بەر بدەیت و، ...

ئاوێزانی وەهمێکی سپی بی، بەدوای ئەشقا.

وتم ئەشق، ئەوین و خۆشەویستی

کە باریان کرد و رۆیشتتن،

رێبواریکن تازە ئیتر ناگەڕێنەوە

کە ڕۆیشتن ئەم ڕێبوارانە

بە دوایاندا مەگەڕێ،! چونکە رۆیشتنی ئەم ڕێبوارە خنجیلانە

مانای هەر چرکەیەکی ژیان، دابڕانە

لە گۆڕەپانی ئەوینا، لە شەڕگەی مەرگ و نەمانی، ئەم چرکەساتە، بێ مانایانە

دڵی یەکێک دەسووتێ و ئاسمانی چاوی شۆخێک

هەوری گریانێ دایدەگرێ

***

# دەریا

**تۆ پێم بڵێ، تۆ چون توانیت**

**بەم هەموو سیحر و جادویەی چاوەکانت**

**دەریا لە چاوتدا بگری و**

**جێگەی لە گلێنەتدا، بۆ بکەیەوە**

**ئەتۆ و، دەریای ئەو چاوانە**

**بەس فرمێسک بە لازیی کوڵمی ئاڵتدا بگەڕێ**

**من ئەو فرمێسکە شێتە بووم**

**کە لە زەریای چاوی تۆدا نوقم بووم و**

**بە هیچ دەریاوانێکی ئاشقیش نامدۆزنەوە**

**ئاخر من نوقمی ئەوینی دوو چاوی دەریاشێوەت بووم**

**بەس پێم بڵێ، ئەی خاوەنی هەموو دونیا**

**چۆنت زەریا لە چاوانی ئەشقی مندا جێ کردەوە؟**

**چۆن ئەو زەریا گەورەی چاوانی ئەوت، لە دڵی مندا جێ کردەوە؟**

**تۆ کە تیشکی چاوت لە ئەستێرە سیحراویتر و،**

**لە مانگ گەشتر و،**

لە هەور پڕئاوتر و،

لە تیشکی خۆر رۆشنترە،

بە دلۆپێک لە بارانی عەشقی ئەمجارەم

هاوڕێی تەنیایی شەوستانی

ئەم ژینە پڕخۆشەویستیەم بە

رووناکی کە، بە تیشکی خۆت ...

***

# ڕێبوارە ماندووەکەم

هێمن و بێدەنگ، لەبەر دەرگای چاوەروانی دامابووم چاوەڕێ بووم ترپەی پێیەک بێدەنگیی کوچەکەمان بشکێنێ. لە ناو شووشەی ئەم بێدەنگییەدا نووقم بووم، بە دوای درزیکدا دەگەڕام تاکو ماڵئاوایی لەم بێدەنگیە بکەم لە دەرگای هەموو رادیۆکانم دا، ساتێک گوێم بۆ ڕاگرتن کە بەشکوو بێت و یەکیان لەم بێدەنگییە دەرم بێنێ. یەکیان دەنگی بلاوێنی خالقی بوو و بەرەو کۆچی سوور دەڕۆیی. یەکیان گۆرانیی پاییز بوو باران نم نم دەبارێ، ی عەدنان کەریم کە تەزووی بە دڵە پڕلەخەمەکەمدا دێنا.

پێچی رادیۆکەم بەلایەکی دیکەدا سووڕاند، لە پڕ گۆرانییەکی فارسی کەوتە بەر گویم، تێرامانم لە چاوەڕوانیدا بوو بە هەستێک کە پیێ دەکوتم، ئەوانەن ئەو زمانە، کە تۆ بە هەبوو نازانن و بە پاشکۆی خۆیانت دەزانن.

ئەوان لە گۆرانی و شێعردا رووحسوکن، بەڵام دڵێکی پڕلە بوغزیان هەیە بۆ تۆی کورد. ئەوان قازییان لێ ئەستاندی و، رەوتی خەباتیان شێواندی، قاسملوویان شەهید کردی و پەیکەری دێموکراتیان خستیە لەرزە، شەرەفکەندیی سەریان لێ دای، بۆ ئەوەی پەیکەرت جووڵە نەکات، هەزاران لاویان لە خوێندا گەوزاندی، تاکوو بە چۆکتدا بێنن، بەڵام تۆ بەردەوامی.

بە تەواوبوونی گۆرانییەکە وەهۆش خۆم هاتمەوە. دیسان پێچی رادیۆکەم بادا، دەنگ و باسی کوردسات، لە سەردێری هەواڵدا بوو، باسی ئەنفال دەکرا کە لە لایەن کۆنگرەیەک کە حەفتا ولات تێیدا بەشدار بوون، بە جینۆساید

دەناسێندرا. وەبیر ئەنفال و کیمیایی دەکەومەوە، کە چون وەک بەحرێک لە گڕکان کوردی قووت دا و ئیستاش ئازارەکانی لەسەر پشتی زەوی و دڵی کەس و کاری ئەنفال و کیمیایی و گشت کوردستانم هەر ماوە و ڕۆژ بە ڕۆژ وەسۆ دێتەوە. ئەنفال گورکی دەمبەخوێنی باشوورم، ژان و ئۆفت لە دڵی دار گوێزەکانی لاسووتاوی بناریشم هەر بەژانە.

لە پڕ کاتژمێر 12ی شەوە و زەنگی دەرگا لە دونیای ئەنفال و کیمیایی و سڕینەوەی کوردستانم لە ڕووی نەقشە، دەمهێنێتە دەر و ڕێبوارە ماندووەکەی قەڵای دێموکراتم لە تەنیایی دەرم دێنێ.

4ی ڕەشەمەی 1386 هەتاوی، کۆیە

## بۆ تەیری باڵوەریوی گەرمیان

**هاتەوە تەیرەکەی گەرمێنێ لە دوور دێ شەقەی باڵی**

**تەیرەکەی ئێمە، نەتەوەدۆست بوو، زۆر مناڵ بوو کە بیری لە چیا و پێشمەرگایەتی دا،**

**لەناو دەریای پڕلە هەستی شۆرشگێریدا باڵی لێدەدا. ئاخر ئەو زۆر حەزی دەکرد، یەکێک بێ لەو تەیرانەی کە ئاواتەخوازە لە گەرمیانەوە، شەقەی شاباڵیان، ئاسمانی رۆژهەلات شەق بکات و**

**دڵی ئەویندااران بکاتەوە.**

**هەژار بوو بە تەیری گەرمیان، بوو بە پارێزەری مان و مەوجودیەتی گەلەکەی**

**ئەو تاڤگەیەک لە ئەوین بوو، دەریایەک لە هەستی کوردایەتی،**

**پەپوولەی ناو گوڵ و گوڵزاری هەیبەسوڵتان بوو.**

**ئەی کوا هاوڕێ وا بڕیار نەبوو، تۆ یەکێک لەو تەیرانە بی بەرەو رۆژهەلات لە شەقەی باڵ بدەی؟**

**بنوو هاوڕێ و هاوسنگەرم، رۆژی هاتوو ناوت بەرزتر لە کێوەکانی کوردستان هەڵدەگرین. دڵنیا بە تەیرە باڵوەریوەکەی گەرمیان .**

**ئەی هاوسەفەری دەرد و ژان،**

ئەی تەتەری خۆشخوانی هەیبەسوڵتان

باڵ و پەرت بوو بە گوڵی یەکەم ڕۆژەکانی ئەم بەهارە

هاوڕێ توولە نەمامەکەم،

مانگی گوڵان چاوەڕێی شەقەی باڵت بوو

نەیدەزانی تۆ بووی بە باڵی فریشتە و

دڵی هەموانت تازیەبار کرد

دەوەرەوە تەیری گەرمیان، چیاکانی ڕۆژهەلات چاوەڕوانتن

***

## دەفتەری ژین

گەر بڕوانی لە لە دوتوێی دەفتەری ژیان
ئەو ژیانەی پڕە لە کارەسات و مەرگ
باش دەبینی کە لە دوو توێی
ئەم  بیرەوەریانەدا
جگە لە دڵێکی شکاو
هەستێکی زۆر، زۆر بریندار
بەدی ناکەی
منی خاوەنی دەرد و ژان
کۆشکم بەرزترین باڵای بوو لەحەزیندا
چاوەکانم بەڕەوتترین رووبار
سەر لێشێواو، وەک باسڕەکەی پایزی و
سەری رەشی لاویم، بووە رەنگی خۆڵە مێشی
ئەمانە هەموو لە تاو خاکی پیرۆزی کوردستان

***

## ڕووخانی ڕەوەزی ئەندێشە

پێنوس ئەمشەو عاجز لە دێرەکانی پەڕاوم بووە ئەمشەو،!

خامە بیری لای شۆڕەسوارە گلاوەکەی ناو رەوەز و قەدپاڵەکانی

ئاربابا بەجێ ماوە

دەی رابەوە، رەوەز و بەردی ئەم دووندە! خۆیان بە پرچی بیری توۆە گرتەوە!

لووتکەی چیا، سەریان لە عەرشی عەزیما دەرهێناوە،

شین دەگێڕن

دار گۆیزەکان، شەنگەبیەکانی قەدپاڵیش، قژیان دەڕننەوە و دەیخەنە بەر پێی کۆچی سوورت.

ئەی هەنگاوی بەرەو سەرکەوتنی مێژوو،

رەوەزی شاخ،

رەوتی رووبار،

ئەی کانییە هەڵتۆقیوەکەی سەر رێگەی خەبات، لووتکەی چیا!،

ریگە بگرە و پڕمەی ئەسپی شێت بێتەوە،

جڵەوەکەت بگرەوە دەست،

هاوڕێ جوانەمەرگەکەی دێموکڕات

بیرمەندی ئازا و چوست و چالاک

کوا وادەی خەنەبەندانی مەرگی تۆ بوو

ئێستا وادەی تین و گوڕی، ڕێبەرانی دێموکڕات بوو

هاوسەنگەری قەڵەم و خامە و پێشمەرگە،

راوێژکارە بلیمەتە، لێهاتووەکەی بیرتیژم،

کاک عوسمانی رەحیمی،

باخچەی ساوات، وادەی هەڵوەرینی نەبوو،

ماڵ و قوناغی گەرم و میواندۆست، وادەی تێکڕمانی نەبوو.

ئەی ئەوەتا تۆ نابینی دێیە خەوی هەڤاڵانت

بە چیایەک لە نوورەوە، پەیامبەدەست،

وەکو پیاوە ئیلاهییەکان، وەحی دێنی،

بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەت

تۆ نوورانی وەک مەسیح، پەیامی ئاشتیت بە دەستە و کڕنۆش بۆ یەکسانی دەبەی،

لە ناو چینی هەژاراندا.

گەرچی ئێستا رەوەزی شاخ، مەتەرێزێکی بە هێزی لە دەست داوە،

گەرچی بنار ریشەیەکی پتەوی، هەڵکەندراوە

گەرچی کانی، ڕێبوارێکی پاکی لە دەست داوە

بەڵام تۆ هەر زیندووی، لە دڵماندای،

وەک بڵێسەی ئاوری نەورۆز

لە دەرونمان کلپە دەکەی،

ئەی هاوڕێکەی هەمووان

***

## ڕێبازی تۆ

چەلەنگ بە چالاک، بەرەو رەوتی خەبات

مەوەستە رابە، ئەمان مەدە بۆ نەجات

رێبازی تۆ کەرامەتە شەرافەتە پشوو نەدەی

ئامانجی تۆ، بنیادی ژیانە پشوو نەدەی

سەرهەڵبڕە، عالەم خەریکی عیلم و سەنعەتە

وا نەتەوەت، لە ژێر هەوری خەفەتە

رێبازی تۆ کەرامەتە شەرافەتە پشوو نەدەی

ئامانجی تۆ، بنیادی ژیانە پشوو نەدەی

ژنی کوردی چەوساوە و مافپێشێلکراو

هەدا نەدەی، تا دێنە دی مافی خوازراو

رێبازی تۆ کەرامەتە شەرافەتە پشوو نەدەی

ئامانجی تۆ، بنیادی ژیانە پشوو نەدەی

***

## سادقتر له سەداقەت

ئەم هەواڵە، دڵتەزێن بوو

حەزم دەکرد سەمفۆنیای خەم

پڕ بە جیهان، پڕبە گەرووی پیدەشتەکان

دەنگ هەڵبڕن

دەسا تۆ خەم،! گەلێ بە روحی کلۆڵی وڵاتی من

ئاشنایت و زۆر جار جەرگی نیشتمانی منت بە چەقۆی خۆت دادڕیوە،

سوێندت دەدەم بە خوێنی شەهیدان

چیدی لا لە وڵاتی من مەکەرەوە

سروش هات و بە چرپەیەک

سەحەری خستە شیوەن و

کانی قەد پاڵ، سەوزایی دەشت و زار

هەرچی شلێری ئەو ناوە بوو

**جاریکی تر کردەوە گریان**

**لە گەرووی شمشالی شوانی رەنجەڕۆ**

**نالەی خەمێکی گەورە بوو**

**پڕ بە گەرووی بریندراری دەهاتە دەر**

**سوارێک هات و ئەسپەکەی وا بە کێواندا سەرشێت بووبوو، حیلەی هەموو دارو بەردی دەلەرزاند و نەگەییە جێ**

**هۆ سوارچاکەی نیشتمانی بەخوێنسوورم**

**هۆ سادقتر لە سەداقەت**

**هاوڕێ سادە و ساکارەکەی هەموو پێشمەرگەکانی دێموکڕات**

**هۆ شەڕەفکەندی**

**بە کام رستە و بە کام وشە تاریفێک بۆ پەیکەری ئەم سەداقەتەت تەواو بکەم؟!**

**شۆڕە سواری دیموکراسی**

**بە یادی کامە وتەت بەردی بناخەی شۆڕشی نوێمان بکەین؟!**

**تۆ گەورە بووی،**

**بە قەد بالای کوردستان و بە جەرگ بووی بە قەد هێزی پشتیوان و وریا و ئازا وەکو رۆلەی نیشتمانێک،**

**کە تۆ تێدا پەروەردە بووی**

**ئازیزەکەی، هەوارە پڕلەماناکەی دیموکراتم**

**رێبەرەکەی ماندویی نەناسی بە جەرگەم**

**خۆ زۆر زوو بوو، بۆچی گلای؟!**

**مال ئاوایی تۆ زۆر زوو بوو**

هیوا و حەزت دێنمە تکا

ڕێبەرە مەزنەکەی دێموکڕات

کوردستانم چاوەڕێتە

باڵی ولاتم مەشکێنە

کێوی هیوام مەڕووخێنە

دە وەگەڕێ

زامەکانت بە عەتری گوڵانی بەهار،

بە دەستی ناسکترین نەمامی باڵای وڵاتم

سارێژ دەکەم

مەرهەمێک بێ بۆ ئەم زامە بەسۆیەت

کە کەوتە جەستەی وڵاتم،

لە عەتری هەموو دار و گوڵی کوردستانم

بە دەستی بەورەی پێشمەرگە گیانلەسەردەستەکانت دەگرمەوە،

بەڵکوو بێت و زامی دڵی نیشتمانم، نەیەتەوە تەشەنایە

خۆ هێشتا زوو بوو

ئازیزە زۆر تاقانەکەم

زامی دڵی کوردستانم دوای قاسملوو هێشتا هەر

خوێنی لێ دەتکا و،.... سارێژ نەبوو

خۆ پیرە ساڵم دێموکڕات بەرگەی کۆچی ڕۆڵەکانی هەڵکەوتووی خۆی ناهێنێ

دە وەگەڕێ، مەزنترین داری لێڕەوارم

بە کۆچی ناوادەت

لێرەوارِ پشیتان چەما،

چیاکانم هەڵپرووکان

کانی و رووبار رەوتیان شێوا و

خۆر لەو ناوە گیراوە

شەرەفکەندی مەزنتر لە وشەی رێبەر

شەهیدە دوور وڵاتەکەم

کۆچی تۆ بەرگی ماتەم بوو

کرایە بەر باڵای خێرنەدیوی وڵات

رێبەرە ئازاردیوەکەم

کۆچت بوو بە دەنگێک پڕ بە گەرووی ئازادی

رێچکەی هەنگاوی پڕتاسەت بۆتە ڕێگەی خەباتی دێموکڕات

وەک بەڵێنت،!

یان ئەوەتا سادقانە ریگەت ببڕین،

یان وەکوو تۆ، دێینە پەنات و

لە باوەشت دەگرین و سەربەرز بمرین

خۆزگە ئەوکات گەڕاباوە

شەوی یەڵدایە یان دەیجووەرە ئەم شەو

کە دیدەم دوور لە تۆ بێنوورە ئەمشەو

ئەی مانگەکەی هەڵاتوو لە یەکەم

چرکەساتەکانی شەوزستان

زۆر بە ژانە جەژن بێ تۆ

زۆر ئەستەمە شادی بێ تۆ

دایکە یەڵدا،

کوانێ مانگی پڕ لە نووری کوردان

کە لە هەناوی تاریکی تۆدا کەوتە ئاسمان

ئەو ئازارەی لە یەکەم شەوی بەفردا

بوو بە مۆمێ بۆ تاریکی شەوەزەنگەکانی خەبات

لە بیرم دێ

دەکرێ بڵێم دوو دەیە و نیو،... لێرە و لە پێش

لە شەوی درێژیساڵدا

یەکەم جێژنی لە دایکبوونی تۆ بوو لە ناو کۆڕی گەرمی

خەباتکارانی دێموکڕات لە گەورەدێ

شەمامەکەی دڵی هەمووان!،

کە من تێیدا بەشداریم کرد

ئەو کاتە بوو بۆم دەرکەوت

یەڵدا بۆ، ئەوەندە لێوبەخەندە و

شادیبەخشە

چوونکە تۆی ئازیزی بە نەتەوەیەک بەخشی

پەیام بەدەست بۆ ئازادی

هەڤاڵی رێگەی سەختی کوردایەتی،

قاڵبۆوەی ناو ئاگردانی خەبات،

تۆی گەورەبوو لەگەڵ ئێشی وڵات

بۆچی وا زوو بارگەی سەفەرت گرتە کۆڵ؟

دەی هەڤاڵانی دێموکڕات،!

دە مۆم هەڵکەن

با ڕەنگەکانی ڕەنگاڵە بێ

سوور و ئاڵ بێ

با جێژنی ئەم یادەوەریە

زۆر بەرز بێ

بۆ نازانن؟ کیژان، کوڕان،!

ئەمرۆ بۆ بشکوتنی گولێک جەژن دەگرین

سەرانسەری ژیانی هەر خەبات بوو،...

نەوەستان بوو؟!

ئازیزە تاقانەکەی هەمووان....

لەم شەوەدا

چاوەکانمان وەک مۆم دەگرین

دڵەکانمان وەک گڕی مۆم دەگڕێن

خۆزگە گەردوون بۆ جاریکیش بێ

گەڕاباوە،....

تا وەکو ساڵی 64

بە دەست پێشمەرگەیەکی بچکۆلە

دەستیک لیباسی پێشمەرگە و دەمانچەیەکم بە دیاری

ڕۆژی لەدایکبوونت....

**پێشکەش کردبای.**

**مەزنتر لە مەزنی**

**کۆتری ئاشتی**

**قاسملوویەکەی کوردان**

**شێرە کوڕی دایکە یەڵدا**

**لە پێشەڵانی دێموکڕات**

**هەموو ساڵێ**

**کیژان و کوڕان**

**بست بستی شار و ئاوایی کوردستان**

**لە رۆژی لەدایکبوونی تۆدا**

**مۆم دادەگیرسێنن**

**پەیمان لەگەڵ ڕێگەی بەرز و پیرۆزت**

**نوێ دەکەنەوە**

**تۆ نەمردووی لەگەڵمانی**

**لە سەنگەری خەباتمانی**

**تاجی سەری کوردستانی**

**لە ساڵی 1387 شەوی یەڵدا بۆ یادی 78 ساڵەی لەدایکبوونی شەهید دوکتۆر قاسملوو دا. سلاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی ئێمە پێشکەش بە رووحی پاکت بێ ئەی رێبەری پێشمەرگە.**

***

## "دوعا"

**مەرهەمیک بۆ زامی جەستەی دوعا**

**گەواڵگەواڵ هەور هات و**

**ئاسمانی کوردستانی تەنی و**

**پۆلپۆل مەلانی کۆچەری**

**بەرەو ئاسمانی ئێرە دێن**

**گەواڵە هەور، لەتکەیەک لە باران و...**

**گەڵایەک لە لقی زەیتوون و...**

**هەڵاڵەیەکی گوڵی بەیبوون،**

**مەلانی تازە کۆچکردو بەرەو وڵات**

**هەرچی نەشئە و هەوای فڕینی پێیان بوو**

**بەرەو ئاسمانی ئێرەی هەڵدەڕێژن**

**بەڵکوو بێت و زامەکانی لەشی دوعا، سارێژ بکەن،**

بەڵکوو بێت و چریکەیەکی عەشقی نویێ بۆ لێدەن

مەلان و گەواڵە هەور،

هەر دەهاتن و لە زەوییەکەی ئەم دەڤەرە

نزیک، نزیک دەبوونەوە....

بەلام سێبەری وەیشوومەی دڵڕەقان

نەیاندەهێشت مەرهەمی زامی دوعا بکەن

دوعا، دەستەودوعا بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕی،

بەڵام دێوەزمەی مەرگ،

بە دەست پیاوانی هۆزی،

تا دەهات نزیکتر دەبوو.

لەپڕێکا،...

خۆر،

مانگ،

ئەستێرەکان،

چیاکانی دووری ئەوپەڕ،

شینی دوعایان دەگێڕاو دەستەودوعا ڕاوەستابوون،

دوعا بفڕێ و دەربازی بێ،

لە چەنگە پڕ لە خوێنەکانی پیاوانی هۆزی.

بەڵام هەیهات لە دڵی نێرینەکانی ئەم هۆزە

بە دنەی، پیاوانی بێگانەی ئەم دەڤەرە،

قین هێندە لە ناخیان ڕۆ چووبوو

که ئیتر نه چاویان هیچی دەدیت و

نه ویژدانیان وەئاگا بوو،

نه هەستیشیان وەجووڵە کەوت

تاکو کرمە بۆگەنەکەی مێشکیان

مێشکی گەندەڵی بێ مێشکیان،

کت و مت بوو، داخی دڵیان ئۆخەی کرد و

دەستەکانیان لە مزگەوت

ئینجا تاوانێکیان خوڵقاند،

دژی هەموو بەهاکانی وڵاتی من

***

# حەسرەتی ڕێبەر

لە وڵاتی پڕ لە گریان

ئەستێرەکان گەشتر لە ئاسمانی وڵاتی غەم

ترووسکە تroووسک،

چاویان بڕیوەتە هاتنەوەی تۆ

ئەی گوڵی چیا

چاوەڕوانی هەموومانی تەزاند،

یەلدایە و یەڵداکان هەموو چاویان پڕە لە حەسرەتی دیتنی تۆ

دوای تێپەڕینی ساڵ و مانگ

سات و کاتە پڕ لە چاوەڕوانیەکان

دیسان ئەوە چاوەڕێتین

سەر لە خاکی غوربەت بینەوە دەر

خاک و خۆڵی بەردەم ریگای چاوەڕوانی

دەکەمە چاوی شەو

بەشکو جارێ

خەو لە چاوەکانی نەکەوێ

ئازیزەکەم گوڵی چیا

لازێ بە لازێی رووبارو کەناری هەر چەم و شارێ

باوەش، باوەش،

گوڵی یاسیان دەرداوە

بێریڤانیش گۆنای بەفری سرِ ماچ دەکات و

خەندەی ژیانی بۆ دەپژینێ

گەڵا زەردەکانی داری بەڕوو

نازی لاشەی زەوییان کێشاوە

تاکو خەو نەیباتەوە و

چاوەڕوانی ئەستێرەکانی کوردستان بێ گوڵ نەبن

ساتە، ساتی پشکوتنی گوڵی بەفر

هەموومان لەسەر پێ راوەستاوین

دەستەو دوعا

بەڵکو جاریک خۆر ڕەحم کا و ئەمساڵ

یەڵدا، درێژتر لە ساڵی ساڵان

دەربکەوێ

تاتۆ بێیت و مژدەی پشکوتنت

بە گەڵا زەردەکانی داری بەڕوو بدەم

لەننێو دڵی ئەم شەوە قووڵەدا

لە نێو خوێنی ڕەگی ئەم نیشتمانە سوورەدا

چاوەڕێتین کەی دێیەوە؟

گوڵی کوێستان، گوڵی حەسرەت،

کەی دێیەوە باوەشی پڕ لە سۆزمان

تا سارێژ بن زامەکانی

دووری تۆمان

## مارس

ئەی مارس

تۆ باڵاپۆشێکیت لە گوڵی بابوونە و

گەڵای سەوزی زەیتوونی و...

ئاڵایەکی سپی سپی

ئەی مارس

تۆ زەردەخەنەی ئەو پەیکەرانە بووی

کە لە گۆڕپانە چاوگەشەکەی نیۆیۆرکەوە

کەوتە سەر لێوی هەموو ژنانی ئەم جیهانە

تۆ، ...

پڕشەنگی خۆری سووری ئەو خوێنانە بووی

کە لە ناخی تۆدا ئەنگووت

بۆ شەوی ئەنگوستەچاوی ئەم سەردەمە

ئەی مارس

ئەی ڕێچکەی هەنگاوەکانی "کلارا"ی

هەنگاو بەبڕشتی من

تۆ دەبینی دوای زەمەنێک

لەرەی دەنگی بۆ ئازادیت

هەروا زایەڵەی دێت و

لە کوردستانەوە دەنگ دەداتەوە؟

ئەوەتانێ نەوەکانی کلارا

هەر جارەو یەکێکیان

دەکەونە بەر غەزەبی، شەوپەرستان؟!

تەنیا بەتاوانی "ئازادی دۆستی"، وەتەن دۆستی؟!

ئەوان گەروویان توند کرا

بە پەتی دەستی شەوپەرستان

هاواریان بوو بە گرێک و

بەربووە گیانی تاریکستان

***

## شینێک بۆ شیناوێ

وەی لێلێ وەی لۆلۆ

چاوەکانی بچکۆلەکانی خانێی من

بۆ هەڵنایە؟

وەی لێلێ

کچە برژاوەکانی شیناوێی

نەگەیشتو وبەشیلەی ژیان،

هەرهەموویان، هەڵقرچان

قژەکانی کچە نازدارەکانی شیناوێ

دەستە دەستە، چەپک چەپک

هەڵپڕووزان

وەی لە قرچەی سووتانی وان و

وەی لە قرچەی هەڵقرچانی دڵی دایکیان

وەی ڕۆ دەشتی لاجانی من ئەمڕۆ

پڕاوپڕە لە کۆتری هەڵقرچاو

کانی نێراسی من ئەمڕۆ

بۆکڕووز نەبێ لێی نایە

بۆکڕووزی گۆنای ئاڵی هەڵقرچاوی

نەورەسێکی بچکۆلانە

چاوی کانیمی لێڵ کرد و

کانی نێراسم برژاوە

وەرە "با" پەرچەمی ئاگرگرتووی سەیرانەکان وەکووژێنە!

قەڵەم، دەفتەر و کتێبە برژاوەکانی ئەم فریشتە سووتاوانە،

لە جانتاکان بکەوە

تاکوو لە وانەکانیان بەجێ نەمێنن دەرسی سووتان لە پێناوی رووناکیدا بخوێننەوە

وەرە ویژدان، پێڵاوە سووتاوەکان لە پێ بکە و

بۆ جارێک بێ خوێندنی وانەی سەربەستی

بۆ منداڵانی وڵاتی من

بە زۆرداران بڵێرەوە

***

## دەسا تۆ شەو مەجووڵێ

دە تۆش کزەی سەرما

بۆفێنککردنەوەی زامەکانی فریشتە برژاوەکانی شیناوێ

هەڵکە!،

دە تۆش دەشتی بەپیتی لاجانم

لە کانیلەی نێراسەوە

گۆزێک ئاوی بەزەیی

برژێنە بەسەر خوێندنگا گڕگرتووەکەی

شیناوێ

با چیدیکە

جەرگی دایکانی قەندیلم

بە کڵپەی ئاگر،

هەڵنەقرچێ

کۆتایی